IAF ИФА IFA

## دژ بە جەنگ، لەپێناو هاوپشتی جیهانی

کۆمیتەی پەیوەندییەکانی فێدراسیۆنی نێونەتەوەیی ئەنارکیست (کریفا) ڕۆژانی ١٩ و ٢٠ مارچی ٢٠٢٢ لە مارسێل کۆبووەوە و لەبارەی گرفتەکانی جەنگی ئۆکرانیا گفتوگۆی کرد. وێڕای هەبوونی بۆچوونی جیاواز لەسەر هەندێک خاڵ لەنێوان ئەندامانی فێدراسیۆنەکان، پابەند دەبین بە بەردەوامبوون لە ئاڵوگۆڕکردنی بۆچوونەکان و هەروەها مشتومڕی بنیاتنەرانە، خاڵە هاوبەشە گرنگەکان لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیە بەرجەستە بوون.

ئێمە هاوکات تاوانی دوژمنکارانەی حکومەتی ڕووسیە بۆ سەر ئۆکرانیا و گشت لەشکرکێشییەکان سەرکۆنە دەکەین و لە کەسانی ستەمکراوی هەر دوو بەری سنوور پشتیوانی دەکەین، چالاکییەکانی خۆمان وەک هاوپشتی بۆ  قوربانییەکانی بەیەکادانەکان و پەنابەران و هەڵهاتوانی جەنگ و زیندانییەکانی هەر دوو لای جەنگەکە و دەرهاویشتە تەشەنەکردووەکانی، پەرەپێدەدەین. لە چوارچێوەی ئەوەی کە ئێمە لەنێو کامە فێدراسیۆنە جیاوازەکان  هەڵمەتدەکەین ، پێویستە کە ئێمە لەسەر ڕۆڵی ناتۆ و دەوڵەتی ئەمەریکا و دەوڵەتانی یەکێتی ئەورپا دژ بین و  لە دەستی ئەوان لە لەبارکردنی زەمینەسازیی پێشینە بۆ هێرشی دەوڵەتی ڕووسیە بە هاوپشتی دراوسێ دەسکەلاکەی [بێلاڕووس] بۆ سەر دراوسێیەکی لاوازی، پەردە هەڵماڵین. ئێمە  هەڵکشانی دەسەڵاتگەرایی ئەم ساڵانەی دوایی لە سەرتاسەری جیهان سەرکۆنە دەکەین، کە لە پەرەسەندنی ڕۆڵی سوپا لەنێو ڕامیارییە گشتییەکان دەبیندرێت. لە بارودۆخی ئێستا ئێمە بەتایبەتیی لەسەر ئەوە جەخت دەکەین و پەردەهەڵدەماڵین، کە چۆن هەڵکشانی میلیتاریزم[عەسکەرتاریی] لەنێو کۆمەڵ لە چوارچێوەی زیاترکردنی لەشکرگەریی لە سەرانسەری یەکێتی ئەوروپا لەنێوان بانگەشە گشتییەکان بۆ بوونی سوپای ئەورووپیی لەسەر خەرجە کۆمەڵایەتییەکان ڕوودەدات.

هەمیسە بەشی کەسانی هەژار و سەرکوتکراوی جیهان لەنێو جەنگەکان دۆڕان بووە و دەبێت. ئەوان وەکو سووتەمەنی و وزەی تۆپەکانیان لێهاتووە، وەک بەرەنجامی ئەو جەنگە لە شوێنی خۆیان هەڵکەنراون و تووشی برسییەتی و نەخۆشی بوون. هاوکات بوەرچەرخێنەرانی جیهان لە کۆنترۆڵکردنی داهات و دەرامەتەکانی جیهان بەردەوام هەن. ئێمە لە دژی سەرمایەداری جیهانیی و نەتەوەگەرایی ڕادەوەستین، کە هۆکاری جەنگ بوون و هەن. ئێمە لە بەرانبەر ئەو جەنگە و دژ بە پیشەسازیی جەنگ و خەرجە گشتییەکانی جەنگ دەبێت جەنگی چینایەتی بەرپابکەین، هەروەها دژ بە سەراپای لۆجیکی جەنگ و بۆ هەڵخڕاندنی فراوانترین بزووتنی ئاسۆیانەی کرێکاران و کۆمەڵەکانیان ڕابین.

هەرئاواش لەسەر مەترسی هەڵەکردن لە بەرگریکردن لە نەتەوەی "ئێمە" یان وڵاتی "ئێمە"، پێداگریی دەکەینەوە و لەسەر هەڵوێستی دژە-نەتەوەیی و بەجێهێشتنی بەرەی جەنگ جەخت دەکەینەوە، کە دوژمنی ئێمە وڵاتی «ئێمە و دەوڵەتی نەتەوەیی "ئێمە" و بورجوازی نەتەوەییە. لەجیاتی ئەوانە ئامانجی ئێمە پێکهێنان و هەڵخراندنی هاوپشتییە لەنێوان هەموو پڕۆلیتارەکان، هەرئاوا ئاشکراکردنی کاراکتەری جیهانیی دەوڵەتە سەرمایەدارەکانە.

بەهای مێژوویی نێونەتەوەیی و هاوپشتیی و نزیکایەتیی جیهانیی خۆمان لە دەرەوەی هەموو سنوورەکان پشتڕاست دەکەینەوە. ئێمە دووبارەی دژایەتی خۆمان بەرانبەر هەموو تاوانەکان و کوشتارەکانی سەرمایەداری و دەوڵەت ڕادەگەیێنینەوە، هەر لە جێنۆسایدکردنی ڕەشپێستەکان و دانیشتووانە بوومییەکان، ئەوەی هەر ئێستا لە بەرازیل و ئەمەریکای لاتین و سەرتاسەری باشووری جیهان بەردەوامە، تاکو بە وێرانکردنی ژینگە دەگات، کە بە هۆی لۆجیکی دەوڵەتەکان و قازانج و بازاڕەکان، سەراپای ژیان لەسەر ئەستێرەکەی ئێمە [گۆی زەوی] ڕووبەڕووی لەنێوچوون دەکاتەوە.

لەنێو جەنگی بەردەوامی سەرکوتکەران دژ بە سەرکوتکراوان، ئێمە خراپتربوونی بار و دۆخەکانی ژیانی کەسانی هەژار لە چوارلای جیهان دەبینین، کە بەهۆی پەتاکان و ئافاتەکان و جەنگە ناوچەییەکان لەم ساڵانەی دوایی ڕوویانداوە، هەرئاوا وەک بەرەنجامی هەڵکشانی تێچووی کاڵ و پێداویستییە سەرەتاییەکان و لەوەش زیاتر خەرجکردنی زیاتر بۆ چەک و تەقەمەنی بە هۆی ئابووریی جەنگ. ئێمە بەتایبەتی لەسەر تراجیدیای کۆچەران و پەراوێزخراوان و کەسانی قوربانیی نەژادپەرستی، کە لە زۆربەی مافە سەرەتاییەکان بێبەشکراون ڕادەوەستین و شان بە شانی ئەو کەسانەی فەرامۆش کراون و لەتەک ئەوان جیاوازیی کراوە، دژ بە دەوڵەت و سەرمایەداری و فاشیسزم و نەژادپەرستی و باوکسالاریی و چەوساندنەوە دەوەستینەوە.

**کۆمیتەی پەیوەندییەکانی فێدراسیۆنی نێونەتەوەیی ئەنارکیست (کریفا)**

**ڕۆژانی ١٩ و ٢٠ مارچی ٢٠٢٢**

**لە مارسێل**

IFA

IAF ИФА IFA

**Dij be ceng, lepênaw hawpiştî cîhanîy**

Komîtey peywendîyekanî fêdrasyonî nêwneteweyî enarkîst (krîfa) rojanî 19 û 20 marçî 2022 le marsêl kobuwewe û lebarey griftekanî cengî okranya giftugoy kird. Wêrray hebûnî boçûnî cyawaz leser hendêk xall lenêwan endamanî fêdrasyonekan, pabend debîn be berdewambûn le allugorrkirdnî boçûnekan û herawa miştumrrî binyatnerane, xalle hawbeşe gringekan le encamî ew giftugoye berceste bûn.

Ême hawkat tawanî dujminkaraney hkumetî rûsye bo ser okranya û gişt leşkirkêşîyekan serkone dekeyn û le kesanî stemkrawî her dû berî snûr piştîwanî dekeyn, çalakîyekanî xoman wek hawpiştî bo qurbanîyekanî beyekadanekan û penaberan û hellhatwanî ceng û zîndanîyekanî her dû lay cengeke û derhawîşte teşenekirduwekanî, perepêdedeyn. Le çwarçêwey ewey ke ême lenêw kame fêdrasyone cyawazekan hellmetdekeyn , pêwîste ke ême leser rollî nato û dewlletî emerîka û dewlletanî yekêtî ewirpa dij bîn û le destî ewan le lebarkirdnî zemînesazîy pêşîne bo hêrşî dewlletî rûsye be hawpiştî drawsê deskelakey [bêlarrûs] bo ser drawsêyekî lawazî, perde hellmallîn. Ême hellkişanî desellatgerayî em sallaney dwayî le sertaserî cîhan serkone dekeyn, ke le peresendinî rollî supa lenêw ramyarîye giştîyekan debîndirêt. Le barudoxî êsta ême betayîbetîy leser ewe cext dekeyn û perdehelldemallîn, ke çon hellkişanî mîlîtarîzm['eskertarîyî] lenêw komell le çwarçêwey zyatirkirdnî leşkirgerîy le seranserî yekêtî ewrupa lenêwan bangeşe giştîyekan bo bûnî supay ewrupîy leser xerce komellayetîyekan rûdedat.

Hemîse beşî kesanî hejar û serkutkrawî cîhan lenêw cengekan dorran buwe û debêt. Ewan weku sûtemenî û wzey topekanyan lêhatuwe, wek berencamî ew cenge le şwênî xoyan hellkenrawn û tûşî birsîyetî û nexoşî bûn. Hawkat bwerçerxêneranî cîhan le kontrollkirdnî dahat û derametekanî cîhan berdewam hen. Ême le djî sermayedarî cîhanîy û netewegerayî radewestîn, ke hokarî ceng bûn û hen. Ême le beranber ew cenge û dij be pîşesazîy ceng û xerce giştîyekanî ceng debêt cengî çînayetî berpabkeyn, herawa dij be serapay locîkî ceng û bo hellxirrandinî frawantirîn bzûtnî asoyaney krêkaran û komellekanyan rabîn.

Herawaş leser metrisî hellekirdin le bergirîkirdin le netewey "ême" yan wllatî "ême", pêdagrîy dekeynewe û leser hellwêstî dje–neteweyî û becêhêştinî berey ceng cext dekeynewe, ke dujminî

ême wllatî "ême û dewlletî neteweyî "ême" û burcwazî neteweyîye. Lecyatî ewane amancî ême pêkhênan û hellixrandinî hawpiştîye lenêwan hemû prrolîtarekan, herawa aşkrakirdnî karakterî cîhanîy dewllete sermayedarekane.

Behay mêjûîy nêwneteweyî û hawpiştîy û nzîkayetîy cîhanîy xoman le derewey hemû snûrekan piştrrast dekeynewe. Ême dûbarey djayetî xoman beranber hemû tawanekan û kuştarekanî sermayedarî û

Dewllet radegeyênînewe, her le cênosaydkirdnî reşpêstekan û danîştuwane bûmîyekan, ewey her êsta le berazîl û emerîkay latîn û sertaserî başûrî cîhan berdewame, taku be wêrankirdnî jînge degat, ke be hoy locîkî dewlletekan û qazanc û bazarrekan, serapay jyan leser estêrekey ême [goy zewî] rûberrûy lenêwçûn dekatewe.

Lenêw cengî berdewamî serkutkeran dij be serkutkrawan, ême xraptirbûnî bar û doxekanî jyanî kesanî hejar le çwarlay cîhan debînîn, ke behoy petakan û afatekan û cenge nawçeyyekan lem sallaney dwayî rûyandawe, herawa wek berencamî hellkişanî têçûy kalla û pêdawîstîye seretayyekan û leweş zyatir xerckirdnî zyatir bo çek û teqemenî be hoy abûrîy ceng. Ême betaybetî leser tracîdyay koçeran û perawêzixrawan û kesanî qurbanîy nejadpersitî, ke le zorbey mafe seretayyekan bêbeşkrawn radewestîn û  şan be şanî ew kesaney feramoş krawn û letek ewan cyawazîy krawe, dij be dewllet û sermayedarî û faşîszim û nejadpersitî û bawksalarîy û çewsandnewe dewestînewe.

Komîtey Peywendîyekanî Fêdrasyonî Nêwneteweyî Enarkîst (CRIFA)

Rojanî 19 û 20 Marçî 2022

le Marsêl